# له یادی ٤٧٦ ساڵەی لە دایکبوونی (شەرەفخانی بدلیسی)دا

د.زرار سدیق تۆفیق
(کۆلێژی ئاداب - زانکۆی دهۆک)

بەر لە چوار سەد و حەفتا و شەش ساڵ، میر و مێژوونوس شەرەفخانی کوڕی میر شەمسەددینی ڕۆژەکی بدلیسی لە ڕۆژی (٢٠)ی مانگی (ذی القعده)ی ساڵی ٩٤٩ک بەرانبەر ٢٥/ ٢/ ١٥٤٣ز، بە ئاوارەیی و لە وڵاتی غەریبی لە شارۆچکەی (گرهڕوود)ی سەر بە ویلایەتی قوم لە ئێران لەدایکبوو.

ئەوەی مایەی خۆشبەختییە لەمەڕ ژیاننامەی شەرەفخانی بدلیسی، ئەوەیە ئەو بەخۆی سەربوردە و بەسەرهاتی خۆی بە وردی و پوختی تۆمارکردووە و خستوویەتییە بەردەستمان، هەر لەڕۆژی لەدایکبوونییەوە دوور لەزێد و مەملەکەتی باب و باپیرانی تا کاتی گەڕانەوەی بۆ نیشتمان و ئەو دەمانەی خەریکی نووسینەوەی شەرەفنامەکەی بووە و لەم ڕووەوە سەبارەت بە سەرگوزشتەی ژیانی بواری بۆ هیچ لێکدانەوەیەکی دی نەهێشتووەتەوە، دەکرێت بڵێین بەم کارە باشەی ئەرکی سەرشانی لێکۆڵەران و توێژەرانی سووک کردووە، بەڵکو جۆرە داهێنانێکی هێناوەتەکایەوە بەوەی پێشتر بە دەگمەن مێژوونووس هەبوونە ئاوها بەم چەشنە سەربوردە و بەسەرهاتی خۆیان لە کۆتایی کتێبەکەیاندا بخەنەڕوو.

شەرەفخان هاوڕێ لەگەڵ سەدان جەنگاوەری هۆزی ڕۆژەکی تا ساڵی ٩٨٦ک/١٥٧٨ز لە خزمەت شاهانی صەفەوی لە ئێران ماوەتەوە، دیارە لەگەڵ کوڕانی شا تەهماسب و گەورە دەسەڵاتداران و بەرپرسانی دەوڵەتدا خراوەتە بەر خوێندن و ئەو زانست و هونەرانەی خوێندووە کە لەو سەردەمە باوبوون و بۆ کوڕانی دەسەڵاتداران و میرانی لە وێنەی شەرەفخان گرنگ و پێویست بوون، لێرەوە دەکرێ بڵێین شەرەفخان شارەزاییەکی تەواوی لە فەرهەنگ و مێژوو و ئەدەبیاتی ئێراندا هەبووە و دەستی

بەسەر زۆربەی بوارە زانستی و ڕۆشنبیرییەکاندا ڕادەگەیشت و ئەم شارەزاییەی بە زەقی لە کتێبی شەرەفنامەدا ڕەنگی داوەتەوە.

بێ گومان شەرەفخان بە نووسینی شەرەفنامە، خزمەتێکی هەرە مەزنی گەل و نیشتمانەکەی کردووە و گەلێک لایەن و بواری مێژوو و فەرهەنگی کوردیی پاراستووە و لە فەوتان دەربازی کردوون و کەلێنێکی گەورەی لێ پڕکردووەتەوە، دەکرێت بڵێین کە نە پێشتر و نەپاشتر کاری ئاوها لە دەست کەس نەهاتووە و هیچ مێژوونووسێکی دی، نەتەوەی کورد، یان هەموو هەرێمی وڵاتەکەی: کوردستانی نەکردووەتە یەکەیەکی مێژوویی بۆ نووسین و لێکۆڵینەوە و مێژوویەکی تایبەتی بۆ تەرخان نەکردووە، ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر ئەوەی کە شەرەفخان چوارچێوەی ئایین و مەزهەبی بەزاندووە و بەربەستی سنووری دروستکراوی تێپەڕاندووە و تەنیا کوردستانی بە نیشتمانی کورد وەک نەتەوەیەک داناوە، بە چاوپۆشین لە جیاوازیی بیروباوەڕی ئایینی و مەزهەبییان، یان هەڵویستی سیاسیی هۆز و ماڵباتە فەرمانڕەواکانی کورد، یان دابەشبوونیان بەسەر دوو وڵاتی زلهێز و نەیار و دوژمنی سەرسەختی یەکدی، هەر بەو ناسنامەیەش سەرەدەربیی لەگەڵ مێژووی کورد کردووە، ئەوەتا با بە کورتیش بێت میللەتی کوردی ناساندووە و تایبەتمەندییەکانی دەستنیشان کردووە و سنووری کوردستانیشی دیاری کردووە.

ئەمە لە کاتێکدا کەسانێکی دی لە میران و خوێندەواران و ڕۆشنبیرانی کورد کە هاودەمی شەرەفخان بوون، لاکردنەوە و بایەخدان بە مێژووی کوردیان هەر بە خەیاڵدا نەدەهات، بگرە سەرقاڵی دانانی کتێب بوون سەبارەت بە ستایشکردن و پێداهەڵدان بە سوڵتانەکانی عوسمانی، لە وێنەی مەلا ئیدریسی بدلیسی (م:٩٢٧ک/١٥٢١ز) کە کتێبی(هەشت بەهەشت)ی داناوە دەربارەی ژیاننامەی ئەو هەشت سوڵتانە عوسمانییەی کە تا ئەو دەمانە حوکمیان کردووە، گوایە سەردەمی هەر یەکێکیان بەهەشتێک بووە بۆ خۆی و شوکری بەگی بدلیسی نووسەری کتێبی(الفتوحات السلیمیة) بە شیعر و بە زمانی تورکی لە ستایشی سوڵتان سەلیمی عوسمانی (١٥١٢-١٥٢٠ز) و شاهی بەگی کوڕی قاسم چەلەبیی تەبرێزی



شەرەفخانی بدلیسی

(م:٩٤٥ک/١٥٣٨ز) کە ئەمیش کورد بووە و کتێبی (سلێمان نامە)ی داناوە(١).

لە گەڵ ئەم ڕاستییەشدا، لێرە و لەوێ لەلایەن مێژوونووسانی کورد و غەیرە کوردەوە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا ژمارەیەک کتێب و نامیلکە سەبارەت بە مێژووی کورد نووسران، واتە پێشتر و بەر لە شەرەفخان ژمارەیەک مێژوونووس هەبوون خزمەتی مێژووی کوردیان کردووە و مێژووی شارێک، یان هەرێمێک، یان بنەماڵەیەکی کوردیان لە دووتوێی کتێبکی تایبەتدا نووسیوە، بەڵام ئەم مێژوونووسانە جیاواز لە کارەکەی شەرەفخان بە مەبەستی نەتەوەیی، یان نیشتمانی کارەکەیان ئەنجام نەداوە، بەڵکو دیرۆکی ئەو بنەماڵە و شار و هەرێمانەیان یاداشتکردووە وەک بەشێک لە دەوڵەتی ئیسلامی نەک وەک بەشێک لە کوردستان و ئەو کارەی ئەوان کەسانی دیش دەربارەی شار و هەرێمەکانی دی جیهانی ئیسلامی کردوویانە، هەروەها ئەمانە زۆربەیانیش کورد نەبوون(٢).

وەک زانراوە، هەر لە سەردەمی مەغۆلەوە تا پاش ڕۆژگاری شەرەفخانی بدلیسیش، لە ئێراندا بزاڤێکی بەرفراوانی نووسینەوەی مێژوو دەرکەوت و بەردەوام بوو و چەندان مێژوونووسی گەورە دەرکەوتن و کتێبی قەبە و چەند بەرگییان نووسی وەک: (عەتالمولک) جوینی

(م٦٨١ک/١٢٨٢ز)، کتێبی (تأريخ جهانگشای)، ڕەشیدەددین هەمەدانی(م٧١٨ک/١٣١٨ز)، کتێبی(جامع التواريخ)، مستەوفی قەزوینی(م ٧٥٠ک/ ١٣٤٩ز)، کتێبی (تاریخ گزیده)، موعینەددین نەتەنزی(م پاش ٨١٧ک/ ١٤١٤ز)، کتێبی (منتخب التواريخ معينى)، حافز ئەبرو (م٨٣٤ک/١٤٣١ز)، هەردوو کتێبی (زبده التواريخ بايسنقرى) و (ذيل جامع التواريخ ڕشيدى)، جەلالەددین فەصیحی خەوافی (م٨٤٩ک/ ١٤٤٥ز) و کتێبی (مجمل فصيحى)، نیزامەددین شامی (م٨٠٧ک/١٤٠٤ز)، کتێبی (زەرفەرنامە)، شەرەفەددین عەلی یەزدی (م٨٥٨ک/١٤٥٤ز)، کتێبی (زەرفەرنامە)، ئەبوبەکری تەهرانی (م پاش٨٧٥ک/١٤٧١ز)، کتێبی (تاريخ دياربكريه)، عەبدولڕەزاق سەمەرقەندی (م٨٨٧ک/١٤٨٢ز)، کتێبی (مطلع سعدين و مجمع بحرين)، میرخواند (م٩٠٣ک/١٤٩٨ز)، کتێبی (روضة الصفا)... و ئەوانی دی.

ئەوەی لەم سەرچاوانە و زۆربەی سەرچاوەکانی دیی ئەو سەردەمە لەڕووی میتودی زانستییەوە تێبینی دەکرێت، ئەوەیە کە زیاتر لە سەردەمەکانی دی، کێشە و ململانێیە سیاسییەکان و ناکۆکییە مەزهەبییەکان کاریگەریی نەرێنی قووڵیان بەسەر ناوەرۆکیاندا بەجێ هێشتووە، ئەمەش وای کردووە بێلایەنی مێژوویی لەم کتێبانەدا کاڵ ببێتەوە، بەڵکو مێژووش دەکرێتە چەکێکی شەڕ و زۆربەی مێژوونووسان میتودی زانستییان لە لا نامێنێت و کەسایەتی سەربەخۆی خۆیان لەدەست دەدەن و بە زەقی و بە ڕوونی پشتگیری لایەنێک دەکەن دژی لایەنێکی دی، بەڵکو زۆربەی کتێبەکان بۆ دەسەڵاتدارێکی دیاریکراوی وەک تەیموورلەنگ و ئۆزۆن حەسەن و سوڵتان سلێمانی عوسمانی...تاد، نووسراون و پڕن لە ستایشی بێ تام و بێ مانا.

بێ گومان شەرەفخان دەستی پتر بەسەر زمانی فارسیدا دەشکا و زیاتر ئەم سەرچاوە فارسییانەی بەکارهێناوە و لە چەند ڕوویەکەوە پێیان کاریگەر بووە و برگە و بابەتی لێ گواستوونەتەوە، بەڵام خۆشبەختانە بەتەواوەتی نەکەوتووەتە ژێر کاریگەریی ڕێباز و میتودی ئەوانەوە و ئەرک و هەڵوێستی خۆی وەک مێژوونووس نەدۆڕاندووە و لە پرۆسەی نووسینی شەرەفنامەدا زۆر کەم کەوتووەتە ژێر کایگەریی ڕەوشی سیاسی و مەزهەبیی سەردەمەکەی، ئەو هەرچەند نەوەی بنەماڵەیەکی میرزادە و دەسەڵاتدارە کە سەدان ساڵ بوو فەرمانڕەوا و خودانی بدلیس و قەڵا و ناوچەکانی دەوروبەری بوون و پێوەندیی دەسەڵاتدارانی بدلیسیش لەگەڵ میرنشین و هۆزەکانی دەوروبەردا ئەوەندە خۆش نەبوو، بەڵام لە زۆر بەرپەڕی شەرەفنامەدا هەست بە گیانی زانستی و بێ لایەنی شەرەفخان دەکرێت، ئەو هەر وەک چۆن ستایشی باب و باپیرانی خۆی لە هۆزی ڕۆژەکی دەکات، ئاوهاش ستایشی میرانی جەزیرە و هەکاری و بەهدینان و بنەماڵە دەسەڵاتدارەکانی دیکەی کوردستان دەکات و ئاڵۆزی و ناخۆشیی نێوان میرنشینەکان کارێکی ئەوتۆی نەکردووەتە سەر نووسین و سەرنج و لێکدانەوەکانی، ئەگەر کاریگەریی پێوەندی و هەڵویستی میر شەرەفخانی باپیری لەگەڵ هۆزی پازۆکی پشتگوێ بخەین.

لە لایەکی دیکەوە، وەک زانراوە لە سەرچاوەکانی بەردەست شەرەفخان لە سەرلەبەری مێژوو و ئەدەبیاتی فارسیدا بە شێوەیەکی گشتی، بە چاوێکی نەیارانە، بگرە ناحەزانە لە کورد دەڕوانرێت و هەردەم بە کەسانی سادە و نەزان و گێرەشێوێن ناودەبرێن.

وا دیارە شەرەفخان لەم ڕووەوە بەتەواوەتی نەشیاوە لەم گۆشەنیگا هەڵە و نادروستە و لەم گوشار و شاڵاوە نارەوایە دەرباز ببێت، ئەوەتا لە پێشەکی شەرەفنامەدا، حیکایەتی ئەژدیها - زوحاک و حیکایەتی جنۆکە و...تاد لە مەڕ بنەچە و نەژادی کورد دووپاتدەکاتەوە، هەروەها لە نێو کتێبەکەیدا زیاتر لە جارێک کورد بە دێوئاسا وەسف دەکات، " ئەو کوردانەی وا لە نە خەون و نە لە بێداریدا چاویان بە شارستانیەت و ئاوەدانی نەکەوتووە"، یان ئەو چیرۆکە هەڵبەستراوەی کە باسی کوردێک دەکات کە لە کەعبە کەرەکەی گوم دەکات.

دیارە شەرەفنامە وردترین و بەرچاوترین سەرچاوەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد لە سەدەی شازدەدا، ئەو سەدەیەی وا ڕووداو و وەرچەرخانی بنەڕەتیی بەخۆوە بینیوە کە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ باندۆر و کاریگەریی تەواوی لە سەر مێژووی کورد و کوردستان بەجێهێشت.

شەرەفخان مێژووی دەیان بنەماڵەی فەرمانڕەوای کوردی لە هەموو ناوچەکانی کوردستان ناساندووە و چ

زانیـارییەکی دەربـارەی میـرەکـانی کـورد چنگ کـەوتبـێت تۆماری کردوون، کە زیاتر زانیاریی کەسیی خودی خۆی بووە، بەڵکو هەندێکی هەر بەچاوی خـۆی بینیـــوە و بەشـداریی تێـدا کـردووە، لێـرەوە مـێـژووەکـەی وەک گێڕانەوەی شایەدحاڵێکە و دەبێتە یادداشتی کەسێکی وریا و شـارەزا، بەڵکو تاکـە سـەرچاوەی بنەڕەتییـە بۆ ژمـارەیەک مـیـرنشـینی بچـووکی کـوردسـتـان، لەمـەش گـرنگـتر مـیـرنشـینی وا هەیە ئەگـەر شـەرەفنامـە نەبوایە نەماندەزانی بوونی هەبووە.

شـەرەفنامـە هەرچەند تایبـەتە بە مـێـژووی سـیـاسی و مـیـرایەتی، واتا مـێـژووی مـیـرنشین و دەسـەڵاتدارییـە خێـڵەکـییـەکـانی کـوردسـتـان و زۆربەی زۆری کـتـێـبـەکـە لەسـەر ناسنامـە و سـەرگـوزشـتـەی مـیـر و بنەمـاڵە خانەدانەکانی کوردە، بەڵام هاوکات چ لە پێشەکییەکەیدا و چ لە میانەی ئاخافتنی لەمەڕ میرە کوردەکان، گەلێک زانیـاریی ورد و سـەرنجڕاکـێشی نوێی بەدەسـتـەوە داوە دەربارەی لایەن و بوارەکـانی مـێـژووی کـۆمـەڵایەتی و ئابووری و رۆشنبـیـری و فـەرهەنگی، وەک سـیـسـتـمی دەرەبەگـایـەتی و مـوڵکداری و هەندێک خـوورەوشت و دابونەریتی جـڤـاکی و سـیـسـتـمی ژیانی کـۆمـەڵی کـــوردەواری و لایەنی ئایینی و مـــەزهەبیی کـــورد و دابەشبوونی نەتەوەی کورد بەسەر چوار لقی سەرەکیدا، وێڕای کـێـشـە و ملمـلانێی کـۆمـەڵایەتی نێـوان هۆز و بنەمـاڵەکـان و سیاسـەتی دووبەرەکی کە دەسـەڵاتدارانی عـوسمانی و صەفەوی لە کوردستـاندا پەیڕەویان دەکرد، ئەمە سەرەڕای لایەنی زمانەوانی و ئەفسانە و میـوزیک و شـیـعـر و شـتی دیکەی لەو بابەتانە، بۆیە لێکۆڵەر دەتوانێت جگە لە رووی سـیـاسی و سـەربازی، زانیـاری دەربارەی لایەنەکـــانی دی لە شـــەرەفنامـــە بەدەست بخات(٣).

هەر بۆ نموونە تەنیـا لە رێگای شـەرەفنامـەوە دەزانین یەعقووب بەگی زەرقی خودانی قەڵای دەرزینی کە پتر لە نیـو سـەدە بەر لە فـەقێ تەیران (م:١٦٣٠ز) و مـەلای جزیری (م:١٦٤١ز) و عەلی حەریری ژیاوە و لە سـاڵی ١٥٧٨ز مردووە، شاعیر بووە و زۆربەی شیعرەکانی هەر بە زمـــانی کـــوردی داناوە و لە دیـوانێـکدا کـــۆی کردووەتەوە(٤)، مخابن وا دیارە سەرلەبەری شیعرەکانی ئەم شـاعـیـرە دەسـتـپـێـشـخـەرە لەناوچوونە و هـیـچـیـان لەبارەوە نازانرێت.

دەبێت ئەوەش بڵێین کە ئەو زانیارییانەی وا شەرەفخان دەربارەی مـیرنشـینە کوردییەکان دەیدات بەدەستەوە و بۆ رووداوەکـــانی ســـەدەکـــانی بەر لە ســـەدەی ١٠ک/١٦ز دەگەڕێنەوە، لە هەڵە و کەموکووڕی و ناتەواوی بەدەرنین و دەبێت هەڵوەســتــەیان لەســەر بکرێت و بە وریاییــەوە ســـەرەدەرییـــان لەگـــەڵ بکرێت، چونکە ناوەرۆکی ئەم هەواڵانە لەگەڵ ئەوانەی سەرچاوە عەرەبی و فارسییەکانی ئەو سـەدانە یەک نـاگـرنەوە، بەڵکو لە هەندێک پرسـدا تەواو ناکۆکن، بەتایبەت لەمەڕ ریزبەندی میرەکان، دیارە رەوا نییە لێرە گازندە لە شەرەفخان بکەین و ئەم خەوش و ناتەواوییـانە بەڕوویدا بدەین کـە هەرگـیـز لە بەها و گـرنگی شـاکـارەکـەی کـەم ناکـانەوە، بەڵکو پێـویسـتـە پاساوی بۆ بهێنینەوە و ناهەقی نەگرین، ئەو لە بوارێکدا کـاری کردووە و مێژووی کوردی تۆمارکردووە کە پێشتـر کەس دەستی بۆ نەبردووە، بۆیە ناچار بووە پەنا بۆ هەواڵ و زانیـارییـە زارەکـییـەکـان ببـات، کـە تاقـە سـەرچاوەی هەواڵ و دەنگوباس بـوونـە و هـیـچ ســــەرچاوەیەکی نووسـراوی لەبەر دەسـتـدا نەبووە، لێـرەوە بۆمـان روون دەبێـتـەوە کـە مـێـژووی کـورد تا چ رادەیەک فـەرامـۆش و پشتگوێ خراوە، لەلایەکی دیکەوە و هەر لە مێژەوە و لە دەستپێکی مێژووی ئیسلامییەوە زیاتر لە هەواڵێکی هەڵبەستراو و ئەفسانەئامێز هەبووە لەسەر بنەچەی کورد، ئەم هەواڵانە ســـەدە پاش ســـەدە و وەچە پاش وەچە گێڕاوەتەتییەوە و وەریگرتووە تا وەک راستییەکی رەهای لێهاتووە و شـەرەفخان و مێژوونووسانی دیکەی کورد و غـــەیرە کـــورد قـــەناعـــەتی تەواویان پێ هێناوە و بە راستییـەکی رەهایان داناوە، بۆیە دەبینین شـەرەفخان لە پێـشـەکی شـەرەفنامـەدا- وەک باسکرا - ئەم هەواڵانە دووپات دەکاتەوە و جەختیان لەسەر دەکاتەوە، هەروەها لە لێکدانەوەی بنەچەی ناوی هەندێ شوێن و هۆزدا وەک حوصنکیفا و بلدوقان و نومەیری...تاد، کورتی هێناوە و تەواو خـۆی بەدەست لێکدانەوە مـیللیــە سـادە و نادروســـتـــەکـــانەوە داوە و بێ رەخنە و وردبوونەوە وەریگرتوون، لە کاتێکدا بنەچەی راستـەقینە ئەم ناوانە لە سەرچاوەکاندا ساغکراونەتەوە.

جێگای دەستخۆشییە کە کاک سەلاحەددین ئاشتی وەرگـێــڕانێکی راســـتـــر و وردتری هەردوو بەرگی

شەرەفنامەی کردووە و بنکەی ژین لە سلێمانی ئەرکی چاپکردنی گرتە ئەستۆ و لە ساڵی ٢٠١٧ چاپ و بڵاوکرایەوە.

ئەوەی لە پێداچوونەوەی ئەم چاپە کوردییەدا سەرنجی ڕاکێشام، بەتایبەت دوای بەراوردکردنی بە چاپە فارسییەکەی محەمەد عەباسی و وەرگێڕانە عەرەبییەکەی مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی (١٩١٣-٢٠٠١/٣/٢٦)دا، ئەوەیە کە جیاوازییەکی کەم لە نێوان دەقەکانی شەرەفنامەدا هەیە، بەتایبەت دەربارەی نەژاد و بنەچەی ماڵباتی ئەردەڵان، کەوا دیارە لە سۆنگەی ئەوەوەیە کە کەسانێک بەدەستی ئەنقەست دەستکاریی ئەم بنەچەیەیان کردووە و لە شوێنی ئەحمەدی کوڕی مەروان، بابەکی کوڕی ساسانیان داناوە و کردوویانە بە باپیرە گەورەی ئەردەڵانییەکان.

هەروەها دوو بڕگە کە لە کتێبی (نزهة القلوب)ی مستەوفی (قەزوێنی)یەوە وەرگیراون و یەکێکیان دەربارەی لێکدانەوەی ناوی شارەزوورە و ئەوەی دیکەشیان دەربارەی چاووگی ڕووباری دیجلەیە لە چیاکانی بدلیس، ئەم دوو دەقە لە وەرگێڕاوەکەی مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی هەن و لەو دانەیەی وا لێرە کراوە بە کوردی نییە.

کاتی خۆی مەلا جەمیلی ڕۆژبەیانی لە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی شەرەفنامەدا کە لە ساڵی ١٩٥٣ لە بەغدا چاپکراوە، ژمارەیەکی یەکجار زۆر پەراوێزی داناوە و لە هەر شوێنێک پێویستی کردبێت، ڕوونکردنەوە، یان لێکدانەوە، یان پێناسەی داناوە و هیچ پرس و بابەتێکی نەبواردووە، دیارە ئەمەش کارێکی زێدە گرنگ و بەجێیە و دەبێت لە هەر وەرگێڕان و ساغکردنەوەیەکدا ئەم کارە ڕەچاوبکرێت، هەروەها بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکە و پێشکەشکردنی بە شێوەیەکی تەواو، لە کۆتاییدا باسی زۆربەی میرنشینەکانی نێو شەرەفنامەدا و لە هەندێک شوێنی دیکەدا، چەندان بڕگەی درێژی لە کتێبەکانی محەمەد ئەمین زەکی و حوسێن حوزنی موکریانی و سەرچاوەی دیکە هێناوەتەوە و بابەتەکانی پێ دەوڵەمەندکردووە، تا بەرچاوڕوونی زیاتر بە خوێنەران بدات، بەتایبەت لەو دەمانەدا و لە پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوو، ڕۆشنبیرانی کورد تامەزرۆی خوێندنەوەی شەرەفنامە و ئەو کتێبانە بوون کە لەمەڕ مێژووی کورد و کوردستان بوون، لەو دەمانەشدا سەرچاوە گەلێک دەگمەن بوون، بەم کارەشی خزمەتێکی گەورەی شەرەفنامە و مێژووی کورد کردووە، لەبەر گرنگی و پێویستیی ئەم پەراوێزانە، لەم چاپەدا زۆربەیان دەقاودەق وەرگیراون و لەلایەن (سدیق ساڵح)ەوە وەک خۆی کراون بە کوردی، تەنیا ئەوانە نەبێت کە بەلای خۆم و برادەرانەوە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆ زیادەن، هەروەها وا بەباش زانرا زۆربەی بڕگە زیادکراوەکانی پەراوێز لابرێن، هەر لەم وەرگێڕانە عەرەبییەدا بەهۆی هەڵەی چاپەوە، مێژوو، یان ساڵی چەند ڕووداوێک بە دروستی تۆمارنەکراوە، ئێمەیش لای خۆمانەوە لەو شوێنانەی بەپێویست زانراوە پەراوێزمان داناوە.

لە دەستنووسی ئۆرگیناڵی شەرەفنامە ئەوەی بە خەتی خودی شەرەفخان نووسراوە، واتا (دەستنووسی دایک) کە ئێستا لە کتێبخانەی بۆدلیان پارێزراوە، بیست نیگاری ڕەنگاوڕەنگ دانراون کە لە ئاستێکی هونەریی گەلێک بەرزدان و وردەکاریی زۆریان تێداکراوە و دیارە لەلایەن نیگارکێشێکی کارامە و دەسترەنگینەوە نەخشێنراون و هەریەکیان گوزارشت لە ئەو بابەتە دەکات کە بەتەنیشتییەوە دانراوە، بە بۆچوونی عەبدولڕەقیب یووسف ئەم تابلۆیانە هەر بە خامەی ڕەنگینی شەرەفخان کێشراون و بۆ پشتڕاستکردنی ئەم بۆچوونەی لە کتێبی (تابلۆکانی شەرەفنامە)دا چەندان بەڵگەی هێناوەتەوە، بەڵام بە بۆچوونی ئێمە ئەم بابەتە ناکرێت ئاوەها بە یەکجاری یەکلایی بکرێتەوە و ڕوون بکرێتەوە، چونکە شەرەفخان لە پێشەکی شەرەفنامەدا بە وردی پلانی خۆی داناوە کە لە شەرەفنامەدا باسی چی کردووە، کەچی هەرگیز باسی ئەوەی نەکردووە کە بیست نیگاری بۆ کتێبەکەی داناوە، دوای ئەوەش شەرەفخان میر و بەرپرسی سەربازی بووە و سەرقاڵی کاروباری میرنشینەکەی بووە، هەرچەند لە کۆتایی ژیانیدا دەستبەرداری دەسەڵات بووە و خۆی بۆ نووسینەوەی مێژووەکەی تەرخانکردووە، بۆیە من بەخۆم قەناعەتی تەواوم نییە کە شەرەفخان هەر بەخۆی نیگارکێشی ئەو تابلۆیانە بێت و دوور نییە هونەرمەندێکی ناسراوی ڕاسپاردبێت ئەم کارەی بۆ کردبێ تا سوود و بەهای کتێبەکەی زێدەتر بێت.

ئەوەی جێگەی داخ بوو تا ئەم ساڵانەی دوایی

چارەنووسی شەرەفخان بە لێڵی مابووەوە و ساغ نەبووبووەوە کەنگی و چۆن مردووە و پاش لێبوونەوەی لە نووسینی شەرەفنامە هیچ زانیارییەکی وەهای لەسەر نەبوو و بەڵگەی دروست و جێگای متمانە دەست نەکەوتبوون ئەم پرسە یەکلایی بکەنەوە و باوەڕ وابوو پاش ماوەیەکی کەم بە شێوەیەکی ئاسایی مردووە(٥)، کەچی بەڵگەنامەکانی دەوڵەتی عوسمانی کە پەیتا پەیتا بڵاودەکرێنەوە، بەڕوونی و ڕاشکاوی ئەوە دەسەلمێنن کە شەرەفخان بەر لە ڕۆژی (٧)ی شەعبانی ١٠٠٩ک بەرانبەر ١١-٢-١٦٠١ز لە ژیاندا نەماوە و لە لایەن سوپای دەوڵەتەوە کوژراوە، دوای ئەوەی ئەحمەد پاشای بەگلەربەگی وان هێرشی کردووەتە سەر شاری بدلیس و شەرەفخانی کوشتووە و شاری تالآن کردووە و سووتاندووە و خەڵکەکەی بە بارمتە گرتووە، شایەنی باسە مستەفا دیهقان و ڤورال گەنج بەیەکەوە دوو لێکۆڵینەوەیان لەم بارەیەوە بە ئینگلیزی بڵاوکردووەتەوە و یەکێکیان لەلایەن عەبدولڕحمان پەناهەندە و ئەوەی دییان لەلایەن (سەلمان عەلی)یەوە کراون بە کوردی و لە پاشکۆی بەرگی دووەمی شەرەفنامەدا بڵاوکراونەتەوە.

لە کۆتاییدا دەڵێم ئەم کارەی ڕێزدار سەلاحەددین ئاشتی و هەردوو برای بەڕێز ڕەفیق صالح و صدیق صالح لە بنکەی ژین، شایەنی دەستخۆشی و سوپاسگوزارییە و کارێکی گرنگ و پێویستە و داوای سەرکەوتنی بەردەوام بۆ بنکەکەیان دەخوازم.

**پەراوێزەکان:**

**(١) مصطفى بن عبدالله كاتب جلبي المشهور باسم حاجي خليفة (المتوفي: ١٠٦٧هـ)، كشف الظنون عن أسامي الكتب والفنون، دار الكتب العلمية (بيروت: ١٩٩٢)، ١٢٣٧/٢، ٢٠٤٣، ٣٦/٤.**

**(٢) لەوانە: أبو الحسن على بن محمد المدائني (م: ٢٢٥ک/٨٤٠ز): کتێبی(القلاع والاكراد)، کتێبی (أنساب الاكراد)، یان (تاريخ شجره كرد)، سەرچاوە کۆنەکان باسی هەبوونی ئەم کتێبەیان نەکردووە، بەڵام ڕۆستەم خانی دونبلی لە کتێبی (اشارة المذاهب) ئاماژەی بۆ کردووە. (اکوپوف، کردان گوران، ص٩٤)، ابن ابي الهيجاء الروادي (سەدەی٥ک/١١ز) لە میرانی کوردی ڕەوادی (سەدەی ٥ک/١١ز): تأريخ آذربيجان، مەسعوودی کوڕی نامدار (سەدەی ٥-٦ک/١١-١٢ز)، مێژووی میرانی شەدادی و ابن المستوفي (م٦٣٧ک/١٢٣٩ز): تأريخ أربل، ابو على الحسين الاربلي (؟): تأريخ أربل، شیرویەی هەمەدانی (م٥٠٩ک/١١١٥ز): تأريخ همذان، یان (طبقات همذان) و چەند کتێبێکی دی لە سەر مێژووی هەمەدان، اسماعيل بن احمد الأمدي (م٦٧٧ک/١٢٧٨ز): تأريخ آمد، حسن بن ابراهيم السي (سەدەی ٩ک/١٥ز): تاريخ حصن كيفا، وێڕای چەند کتێبێکی دی لە بارەی مێژووی ئەیووبییەکانەوە.**

**(٣)چەند ساڵێک لەمەوبەر لە کۆلیجی ئادابی زانکۆی دهۆک، سەرپەرشتیاری نامەیەکی ماستەر بووم لەمەڕ شەرەفنامە و لەو نامەیەدا بە دوورودرێژی باسی ژیانی شەرەفخان و دانە دەستنووسەکانی شەرەفنامە و ڕۆڵی ڕۆژهەڵاتناسان لە ساغکردنەوە و چاپکردنیدا خراوەتە ڕوو، هەروەها سوود و بایەخی شەرەفنامە لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ڕۆشنبیری کوردییەوە، بڕوانە: مصطفى أحمد النجار، شرفخان البدليسي ومنهجه من خلال كتابه شرفنامة، دار سبيريز (دهوك: ٢٠٠٧)، ٣٠٠ص.**

**(٤) شەرەفنامە، وەرگێڕانی سەلاحەددین ئاشتی، بنکەی ژین (سلێمانی: ٢٠١٧)، ٣٩٧.**

**(٥) بڕوانە: کەمال مەزهەر ئەحمەد، مێژوو، کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کورد و مێژوو (بەغدا: ١٩٨٣)، ل١٠٧.**

**سەرنج: لەبەر ئەوەی میر شەرەفخانی بدلیسی لە ٢٥ی شوباتی ساڵی ١٥٤٣ لە دایکبووە، دەبوو ئەم بابەتەی د. زرار سدیق لە ژمارەی ڕابوردوودا بڵاوبکرێتەوە، هەرچەندە لە ٢٠١٩/٣/٥ دەردەچوو، بۆ ئەوەی لەگەڵ یادەکە بێتەوە.**
**(ڕامان)**